# زمان، لەسایەی دونیابینی ئایینیدا
## ( زمانی كوردی وەك نمونە)

**بێستون ابوبكر**
**زانكۆی سلێمانی- سكوڵی پەروەردەی بونیات**

**پێشەكی:**

ئەم لێكۆڵینەوەیە كە ئێستا لەبەردەستی ئێوەی خوێنەردایە، سەدەها پرسیاری لە مێشكی لێكۆڵەردا وروژاندووە، كە وەڵامی بۆ ئەو پرسیارانە دەست نەكەوتووە. ئەم لێكۆڵینەوەیەش پێویستی به وردبونەوەی زیاتر هەیە كە دەكرێت لەداهاتوودا هەنگاوی بۆ بنرێت، مەرج نییە ئەوەی ئەمڕۆ بڕوامان پێیەتی و لێیدڵنیاین لە داهاتوودا وەك خۆی بمێنێتەوە ـ بەڵكو دەكرێت گۆڕانكاری تێدابكرێت، ئەم لێكۆڵینەوەیش بێبەش نییە لە ئەوەی لەداهاتوودا گۆڕانی تێدابكرێت، بەڵام بۆ ئەمڕۆ تا ئێرە توانیومانە بەشێوەیەكی زانستی وردبونەوەی تێدابكەین.

ناونیشانی ئەم لێكۆڵینەوەیە، یەكێك لە ئەو لێكۆڵینەوانەی كە بەهای خۆی هەیە لە نێو لێكۆڵینەوەی جیهانی و نێوخۆیدا هەیە، وێڕای ئەوەی كە بابەتێكی فراوانە و ئاسان لێكۆڵینەوەی تێدا ناكرێت، چونكە پێویستی بە پاشخانی (باگراوند) زانیاری لەئاستی كلتوری و ئایینی و كۆمەڵناسیدا (فەلسەفە) هەیە. زمان و ئایین تەواوكەری واتایی یەكترین، كەم زمان لە جیهاندا هەیە ئایین ڕۆڵی تێدا نەگرێت، بەڵام لە میللەتێكەوە بۆ میللەتێكی تر ئەم ڕۆڵگێڕانە دەگۆڕدرێت، لە ئەم لێكۆڵینەیەوەشدا هەوڵدەدرێت كاریگەریی ئایینی ئیسلام بەپێی تیۆری تایبەت (نیشانە واتاییەكان)، لەسەر زمانی (شوناس و بیركردنەوەی) كوردی بخەینەڕوو.

ئەم لێكۆڵینەوە بەپێی ڕێبازی پەسنی و شیكاری دەكرێت، بەشێوەیەك دوای پەسنكردنی بابەتەكان، لە ڕێگەی شیكارییەوە ئەنجامی زانستی بە دەست دەهێنرێت. لێكۆڵینەوەكە لە دوو بەش پێكهاتووە، بەشی یەكەم بۆ پێوەندی زمان و ئایین و ڕوونكردنەوەی دونیابینی چەند ئایینێك (هیندی، بوزی، مەسحی، نەوەی نوێ، زەردەشتی، ئایینی ئیسلام) لە ڕێگەی وێنەوە و لە چاو و بیركردنەوەی ڕۆژئاواوە، لێكۆڵینەوەی تێداكراوە. بەشی دووەم وێڕای باسكردنی لایەنی تیۆری نیشانە واتاییەكان، بەهۆی هێنانەوەی نمونە و شیكردنەوەیان بەپێی تیۆری دیاریكراو، كاریگەری ئایینی ئیسلام لەسەر دەربڕاوەكانی زمانی كوردی خراوەتەڕوو، وەك مشتێك نمونەی خەروارێك، بەڵام بەوردی نمونەكان شیكردنەوەیان بۆ كراوە، یەكێك لە ئەو پرسیارە گرنگەی كە بەدوای وەڵامەكەیدا دەگەڕێن ئەوەیە، ئایا ئەگەر هەموو فۆڕمی وشەی عەرەبی لە زمانی كوردیدا لاببەین، كاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر زمانی كوردی لادەچێت؟ یان ئایین چییە و زمان چییە؟ ئایا ئایین زمانی هەیە؟ یان زمانی نییە؟ ئەگەر ئایین زمانی هەبێت، ئایا لە ڕووی ئایینییەوە زمانێك لە زمانێكی تر پیرۆزترە؟ ئەگەر پیرۆزترە دادپەروەری ڕەهای پەروەردگارمان چی بەسەر دێت؟ ئەمەو چەند پرسیاری تر لە ئەم لێكۆڵینەوەدا

وریژێنراوە، تا ڕادەیەکیش وەڵام دراوەتەوە، لە داهاتوودا دەکرێت ئەم بابەتە فراوانتر بکرێت، کە چەندین سودی بۆ بواری پرۆگرامی پەروەردە و ناساندنی ئایین وەك ئەوەی هەیە، دەبێت.

## 1) بەهای زمان، بۆ بڵاوبوونەوەی ئایین

زمان ئامرازێکە، کە بەدرێژای مێژوو ئایینەکان سودی باشیان لە ئەم ئامرازە وەرگرتووە. واتە ئایینەکان لەڕێگەی زمانەوە بڵاوکراونەتەوە. هاوشانی ئەوەیش ئایینەکان ئاسەوار و کاریگەری خۆیان بەسەر زمانەکانەوە بەجێ هێشتووە. ئایین یەکێکە لە ئەو پەیامە ئاسمانیانە، کە خودا وەك بەرنامە بۆ مرۆڤایەتی ناردووە، لە ڕێگەی زمانەوە ڕەزامەندی خەڵکی بۆ نێو بازنەی ئایین بەدەست هاتووە، هەر زمانیشە بە هۆی گوزارشتە و دەربڕاوە ئایینییەکانەوە، پیرۆزی وەردەگرێت و پیرۆزیش بە زمانێك لە زمانەکان دەدات و بەنێو خەڵکیدا بڵاویدەکاتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا ئایین گرنگی زۆری هەبووە بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوە و وردبونەوە لە بواری زماندا دەستپێبکات1، چونکە بۆ فێربوون و چۆنیەتی خوێندنەوەی دەقە ئایینییەکان لە لایەن کەسە ئایینییەکانەوە گرنگی زۆری پێدراوە، لەبەرئەوەی هەموو ئایینێك زمانی تایبەت بەخۆیی هەبووە، ئەم زمانەیش بە(زمانی ئایین، یان زمانی پیرۆزکراو ناونراوە، زمانەکەیش کۆزانینێك، یان دونیابینییەکی ئایینی لە پشتییەوە ئامادەی هەبووە)2. ئەم کۆزانینە ئایینیەیش بەپێی ئەو میللەتەی بەخورتی، یان بە سەرپشکی لەسەر ئایینەکە داوە، کاریگەری لەسەر زمانی ئەو میللەتە داناوە، زۆرجار کاریگەرییەکە هێندە بەهێز بووە، ئەو زمانەی ئایینەکەی پێبڵاوکراوەتەوە، بەسەر زمانەکەی تردا زاڵبووە کە ئایینەکەی وەرگرتووە، بۆ نمونە (کاتێك عەرەبەکان، ئایینی ئیسلامیان لە ناوچەکانی ئاسیا و ئەفریقا بڵاوکردەوە، زمانی عەرەبی بەسەر زمانە حامییەکانی وەك قیبتی، ئەمازیغی، کۆشیدا زاڵبووە، بەشێوەیەك زمانی عەرەبی (شێوەزاری قورەیشی) بە زمانی نوسین کرا، دواتر ئەو گەلە ناعەرەبانی کە موسڵمانبوون، بۆ ئاخاوتنی ڕۆژانەیشیان زمانی عەرەبی - شێوەزاری قورەیشیان بەکارهێناوە)3.

لە ڕوانگەی ئەم زانیاریانەی سەرەوەوە، دەردەکەوێت زمانی ئایین ئەرکی هەیە، کە زیاتر بۆ پێوەندیکردنی نێوان بەندە و خوادوەندە، وێڕای ئەوەیش ئایین کردارەکانی مرۆڤ بەپێ جۆری ئایینەکە سنودار دەکات. واتە ئایین کاریگەری زۆری لەسەر ڕەفتار و گوفتاری مرۆڤ هەیە، لەبەر ئەوە زۆرجار لە بە جێگەیاندنی ئەرکە ئایینیەکاندا دەربڕاوی تەمومژاوی بەکاردەهێنرێت، ئەمەیش وادەکات زمانی ئایین کاریگەری هەبێت لەسەر تاکی ئەو میللەتە، لەتەك ئەوەیشدا زمانی ئایین کاریگەری بەسەر زمانی ئەو تاکانەیشدا دەبێت، کە ئایینەکە وەردەگرن و لەژیاندا کاریپێدەکەن، بۆ ئەوەی ئەو کاریگەریانەیش بەوردی دەربخەین، پێویستی بەشیکردنەوە و باسکردنی چەند بابەتێکی پەیوەست بەئایین و شێوەی بیروبڕوای مرۆڤەکان و زمانی مرڤەکان هەن، کە بە پێویست دەزانین بەکورتی لە ئەم لێکۆڵینەوەدا باسبکرێن.

### 1/1) پێوەندی زمان و ئایین

وەك لەسەرەوە ڕوونکرایەوە، زمان و ئایین پێوەندییەکی ورد و چڕ لە نێوانیاندا هەیە، ئەم پێوەندییە لە ڕووکەشدا زۆر سانایانە دەردەکەوێت، بەڵام تا لێوردبونەوەی زیاتری بۆ بکرێت، ئەو پێوەندییە زیاتر ڕووندەبێتەوە.

کاتێك وشەی پێوەندی باسدەکرێت پێویستە ئەو بابەتانە، یان ئەو شتانە کە پێوەندی لە نێوانیاندا دروستدەبێت لەیەکتری جیاوازبن ـ ئەو کات پێوەندی لە نێوانیاندا دروستدەبێت، ئاشکرایە زمان لە ژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە و بەکاردەهێنێت و زۆربەی کات ناچارە زمان بەکاربهێنێت، ئەگەرچی ئایینیش جۆرێکە لەناچاریی، بەڵام مرۆڤ سەرپشکە لە ئەوەی ئاییندار، یان بیّ ئایین بێت، چونکە لە ئاییندا بابەتی بڕوا هەیە ـ بەڵام شارەوەیە، لەگەڵ ئەوەیشدا لە زماندا قسەکردن و دەربڕین هەیە کە ئاشکرایە و دەبیسترێت، ئەمەیش دەتوانرێت وەك یەکێك لەخاڵەکانی جیاوازی زمان و ئایین دابنرێت. وێرای ئەوەیش زۆرجار لەڕێگەی زمانەوە دەتوانرێت گریمانەی ئایینی (ئیسلامە، جووە..هتاد) ئەوی تر بکرێت، بەڵام لە ڕێگەی ئایینەوە گریمانەی زمانی ئاخێوەری مرۆڤەکانی تر کەمتر دەکرێت، بۆ نمونە کورد زمانێك بە کوردی قسەدەکات، بەڵام ئایینەکەی بە زمانی عەرەبییە، بەڵام پێچەوانەکەی دەگمەنە. واتە ئایین ئاسان ناگۆڕدرێت، بەڵام ئاسان دەتوانرێت فێرببین، بەڵام کاتێك بتەوێت زمانەکی تر فێربێت، ئەم کارە دەکرێت ـ بەڵام کارێکی ئاسان نییە، ئەم بابەتە تا ورتر ببیتەوە تێدا قسەی زیاتر هەڵدەگرێت.

لێرەدا دەتوانرێت بگوترێت، ئایین کاریگەرییەکەی دووپەلکی هەیە، چونکە کاریگەری بۆسەر زمان هەیە، هاوکات بۆ سەر ڕەفتاری مرۆڤیش کاریگەری هەیە، بەڵام مەرج نییە کاریگەرییەکەی لەسەر زمان و ڕەفتار، لە نێو دونیادا بەشێوەکی کارەکی وەکو یەکتری بێت. واتە ڕادەی کارگەرییەکە جیاوازە، بۆ نمونە لەسەر ئاستی ڕەفتار ((دین ئەو کردەوە ئامانجدارانە دەگرێتەوە کە بۆ سۆز جوڵاندن و مەیلدەربڕینە بۆ ئەو هێزانەی لە مرۆڤ بڵندترن، مرۆڤ بڕوای وایە کە ئەم هێزە (یان هێزانە) ئاراستەی جوڵەی سروشت و ژیانی مرۆڤی(یان مرۆڤیان) بەدەستە. بەمانای دوو ڕەگەزی پێکهاتەی هەیە یەکێکیان تیۆرییە و پەیوەستە بە ئیمان"بڕوا"بەو هێزانەی بە بانەوەن، ئەوی تریان کردەکییە و پەیوەستە بەکارکردنی مرۆڤەکان بۆ ڕازیکردنی ئەم هێزە بانمرۆڤانە ))4. وەك دەبینین لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر ڕەفتار کراوەتەوە، کەواتە ئایین دووجۆر کاریگەری لەسەر مرۆڤ هەیە، یەکێکیان کاریگەری لەسەر زمان دەکات، چونکە یەکێك لە ئامڕازە گرنگەکانی دەستی ئایین بۆ بڵاوبوونەوە زمانە، بە ئەم جۆرە کاریگەریی و ئاسەواری بەسەرە زمانیشەوە جێدەهێڵت. وەك لەسەرەوە باسکرا، کاریگەری دووەمی ئەوەیە کە کار لەهەست و سۆز و دەروون دەکات، ئەم جۆرەیان کاریگەرییەکی ناوەکییە و زۆر بەرچاونین، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کاریگەرییەکانی ئایین لە هەردوو جۆر کاریگەریگەریەکەدا (ناوەکی و دەرەکی)، زمان تێیدا بەشدارە، بەڵام بەڕێژەیەکی جیاواز کاری خۆی دەکات، چونکە سەرەتای ئایین سروشە(وەحی)، بۆ ئەوەی خەڵك بەئاگابێت لەئەم سروشە پێویستە لە لایەن پەیامبەرانەوە ئەم سروشە لەڕێگەی زمانەوە دەربڕێت و بەکردارەکانیشەوە ڕەنگدانەوەی هەبێت، ئەمە سەرەتای دەسپێکی ئایینە کاتێك بڵاودەبێتەوە. سرویشیش تاکە زمانە تەنیا بەپێغەمبەران دراوە، دوای ئەوان کەس ئەو بوارەی بۆ ناڕەخسێت ( لە ئێستا و داهاتویشدا، دەرگای پێخەمبەرایەتی لەسەر مرۆڤ داخراوە). واتە خودی سروش بیّ زمانە، بەڵام ئەگەر نەکرێت بەزمان کەس لێی ئاگادار نییە، ئەمە دەسپێکی پێوەندی زمان ئایینە، لێرەوە زمان بەسروش ئەرکی پێدەسپرێت و زمانیش پیرۆزی ئایینی لە بەرچاوی خەڵك وەردەگرێت، لەکاتێکدا تەنیا ئامرازێکی گەیاندنە، چونکە سروش توانای ئەوەی هەیە، بە هەموو زمانێك بڵاوببێتەوە. کەواتە دەتوانرێت بگوترێت زمان پیرۆز نییە، بەڵکو ئەوەی پیرۆزە (بیرکردنەوەی ئاینیانەیە) سروشە. قورئانیش تێگەیشتنێکی هاوبەشی مرۆڤایەتییەنەك ئەوەی بە زمانێکی پیرۆز دانرابێت.

**1-1/1) چەمكی دونیابینی**

ئەم (چەمكە) زاراوەیە واتایەكی زۆر فرانی هەیە، چونكە لە زانستی كۆمەڵناسی و لە بواری ئاییندا زیاتر بەكارهاتووە، بەڵام هاوبەشی زۆری لەگەڵ زماندا هەیە، لە ئەم ڕوانگەیەشەوە زاراوەكە بۆ شیكردنەوەی بواری زمانیی بەكاردەهێنین. بەپێی سەرچاوە زانستییەكان بیرمەندی ئەڵمانی (ئەمانوێل كانت) یەكەمین كەسە لە بواری بیركردنەوەی فەلسەفیدا زاراوەی ویڵتانشاو (Weltanschaung) بەكارهێناوە، كاتێك ئەم كتێبە بۆ زمانی ئینگلیزی وەرگێردراوە، زاراوەی (world view) بۆ زاراوە ئەڵمانییەكە بەكارهاتووە، ئەمانوێل كانت مەبەستی لە بەكارهێنانی زاراوەكە بۆ بەهێزی توانای ئاوەز (ئەقڵ)ی مرۆڤ لە پەیپردنی هەستی بەكارهێناوە. دواتر ئەم زاراوەیە واتای زیاتری پێدراوە(5). بەشێوەكی گشتی دەتوانین بڵێین، كە ((گفتوگۆی زاراوەی دونیابینی لای هامبۆڵتیش هەر بۆ گەشەی زیاتری زاراوەی ئەڵمانی وێڵتانشت (Weltansicht) دەگەڕێتەوە، كە بەواتای تێڕوانینی و بۆچونی (واقیعی) تاكەكەس بۆ ژیان بەكارهاتووە. زیاتر لە دەربڕاوی ویڵتانشاو (Weltanschaung) كە زاراوەیەكی ئەڵمانییە، بەمانای (دونیابینی) دێت. ئەمەیش لە زمانی ئینگلیزیدا گفتوگۆی پێویستی (جدی) لەبارەیەوە كراوە، بۆ ئەوەی بنچینەی زاراوەكە بزانرێت، لەسەدەی بیستەمدا گفتوگۆی فراوانتر لەسەر ئەم زاراوەیە كراوە، لەكاتێكدا ئەم زاراوەیەی هامبۆڵت زۆر بەدەگمەن لە زمانی ئەڵمانیدا بەكارهاتووە، زاراوەی دونیابینی زۆرجار تێگەیشتن لەبارەیەوە نەبووە هێندەی دەربڕاوی ویڵتانشاو. واتە لە زمانی ئەڵمانیدا زاراوەی دونیابینی وەك ئەوەی لای هامبۆڵت بەكارهاتووە ـ بە كار نەهاتووە. وێڕای ئەوەیش چەند دەیەك پێش ئێستا زمانەوانی ئەڵمانی (یۆرگیترابانت) لە دایكبووی ساڵی (1942)ە، كە یەكێكە لەشوێنكەوتوانی هامبۆڵت، هەوڵیداوە لە نێوان زاراوەی (وێڵتانشاو، وێڵتانشت) جیاوازی بكات. هاوشلنی ئەوەیش بزوتنەوە سیاسییەكان زۆرجار دەربڕاوی (وێڵتانشاو) ـ یان، وەك هاوواتایەك بۆ دەستەواژەی (ئایدۆلۆژی) بەكارهێناوە. (ترابانت) یش، بە شێوەیەكی ڕوون لە ساڵی (1992) باسی زاراوەی (وێلتانشت) كردووە، ناوبراو پێیوایە، ئەم زاراوەیە بۆ چۆنییەتی شێوازی سیستێمی زمان و وێنەكردنی ئێمە بۆ دونیا و ڕێكەوتمان لەسەر شێوازی ژیان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ و چۆنییەتی گفتوگۆكردنمان لەگەڵ ئەوانی تردا ـ دەگەڕێتەوە)).6

وەك لەسەرەوە خرایەڕوو، ئەم زاراوەیە سەرەتا لە ئەڵمانیاوە سەری هەڵداوە و شیكردنەوەی بۆ كراوە، كە زیاتر تێڕوانینی كەسی بۆ ژیان گرتووەتەوە. هەندێك كاتیش بەواتای ئایدۆلۆژی هاتووە. دوای لێكۆڵینەوە و پشكنین گەیشتینە ئەو بڕوایەی كە واتای دونیابینی بە واتای سیستێمی زمان بۆ وێنەكردنی ئێمە بۆ دونیا و ڕێكەوتنمان لەسەر واتادان بەژیان گرتوەتەوە، ئەم شیكردنەوەی سەرەوە خوێندنەوەیەكی بەراییە بۆ زاراوەكە كراوە، كە بەهای لە نێو بیروهۆشی زانایاندا دەردەخات كە چەند شكردنەوە و واتا جیاوازیان (وەك ئایدۆلۆژی، تێڕوانینی كەسی بۆ دونیا، پشكنینی سیستێمی زمان، بۆ وێنەكردنی ئێمە بۆ دونیا گرتووتەوە) بۆ ئەم زاراوەیە دیاریكردووە. واتە دونیابینی مرۆڤ، كە (بڕوابوون بەخودا، چونییەتی بینینی دونیا، وێنەكردنی دونیا لەڕێگەی زمانەوە، دركردنی هەستی..هتاد، دەگرێتەوە) كاریگەری لەسەر بیركردنەوەی مرۆڤ هەیە، لە ڕێگەی زمانەوە بیركردنەوەكان دەردەبڕێت. لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت: بە لێكۆڵینەوە لە زمانی مرۆڤ ئەو كاریگەرییە هزریانەی مرۆڤ دەتوانرێت بە وردی دیارییبكرێت.

**1-1/1) وابەستەیی زاراوەی دونیابینی بە زانستەوە:**

بۆ ئەوەی پەیوەستبوونی زاراوەکە بەزانستەوە باسبکەین، سەرەتا بەپوختی باسی دونیابینی دەکەین، چونکە ((دونیابینی زاراوەیەکە کە ڕابردوویەکی پرشنگداری بۆ زۆرێك لە شارەزایانی فەرەنسی هەیە، ئەم زاراوەیە لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی ئەمریکییە و بەشێوەیەکی گشتی لە بیردۆزەکانی (وۆرف و ساپیر)دا بەکارهاتووە. بەپێی تیۆرییەکەی ئەوان جیاوازی زمان، لە ئەنجامی جیاوازی هزر و پێکهاتە دەروونییەکانە، لە هزری ئاخێوەری زمانێك لە کۆمەڵێکدا هاتووەتەئاراوە. ئەم زاراوەیە لە سەرەتادا لەلایەن بینجامین لی وۆرف (1897-1941) بەکارهێنراوە، کە لەتەك مامۆستاکەی ئیدوارد ساپیر (1884-1939) ژیاوە. فرانس بۆیس (1858-1942) کە یەکێکە لەشارەزایانی زانستە مرۆییەکان، یان مرۆڤناسی، کارەکانی بریتین لە جەختکردنەوە لە گرنگی و بایەخی زمان لەسەر کلتوری ئایینی ئەو کەسانەی کە لەبنەڕەتدا (هیندی – ئەمریکین) کاریکردووە. زاراوەی (ویڵتانشاو) چەند واتایەکی جیاواز دەگەیەنێت، بەڵام زیاتر بە تێڕوانینی تاك بۆ دونیابینی لێکدەدرێتەوە. ئەمەیش هەستێکی قوڵتر و چڕتر دەگەیەنێت لە بواری فەلسەفەدا، هەر لەبەر ئەم هۆکارەیشە ئەم زاراوەیە جێگەی سەرنجی ڕۆمانییەکانیش بووە))7. ئەو بیرایەی کە لە بیردۆزەکانی (وۆرف و ساپیر) خرایەڕوو، کە گوایە زمانی جیاواز لە ئەنجامی هزر و باردۆخە دەرونییە جیاوازەکانەوە هاتووەتەئاراوە ـ جێگەی ڕامانە، چونکە ئەگەر لە ڕوانگەی دونیابینی ئاینییەوە تەماشای بکەین، زۆر سانایانە ئەو بیروڕایە هەڵدەوەشێنرێتەوە، بۆ نمونە چەندین ملیۆن موسڵمان هەیە، کە یەك ئایین و یەك تێڕوانین و یەك چاویلکەی ئایینی لەچاویاندایە و هاوبەشی زۆریان بیروبۆچوون و بابەتە ئایینی و دەرونییەکاندا هەیە، بەڵام بەزمانی جیاواز ئاخاوتن دەکەن، (بۆ نمونە کورد و هیندییەکی مسوڵمان) لەیەکتری تێناگەن، بەڵام ئەم بۆچونەی هۆرد و ساپیر، لە ڕواگەیەکی ترەوە وردە، ئەگەر مەبەستیان ئەوە بێت، هەر زمانێك بەپێی دەوربەری خۆیی، ناو بۆ کەرەستەکانی دەوربەری دادەنێت، بۆ نمونە لە زمانی کوردیدا چەند جۆر ناومان بۆ ترێ هەیە، بەڵام لای عەرەب چەند جۆر ناوییان بۆ وشتر هەیە، لەکاتێکدا دونیابیینی کورد بۆ ناونانی وشتر لە چەند ناوێك تێپەڕ ناکات. لە ئەم ڕوانگەیەوە بیروڕای ئەو زانایانە (وۆرف و ساپیر)، ئەوە ڕوون دەکەنەوە هەر زمانێك بەپێی تایبەتمەندی و شتەکان (کەرەستەکان) ـ ی، دەوربەری خۆی دەوربەر دابەش دەکات، کە ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، دونیابینی زمان بۆ دابەشکردنی دەوربەر لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر جیاوازە و وەك یەك نییە.

وەك دەبینین (لەسەرەوە خرایەڕوو) ئەم زاراوەیە(دونیابینی)، لە لایەن زانایانی فەرەنسییەوە بڕوایان وابووە، کە هەریەك لە (**بینجامین لی ورف، ئیدوارد ساپیر، فرانس بۆیس**) ەوە، بۆ شیکردنەوە و کاریگەری ئایین بەسەر زمانەوە سودی لێوەرگیراوە و کاری پێکراوە. هاوشانی ئەو بیروڕایانەیش ئێمەیش لە ئەم لێکۆڵنەوەیەدا هەوڵدەدەین کاریگەری ئایین بەسەر زمانی کوردییەوە بەوردی بخەینەڕوو. وێڕای ئەوەیش وەڵامی ئەوە دەدەینەووە ئایا ئایین زمانندارە؟ یان ئایین زمانی نییە؟ بۆ ئەم کارەیش هەوڵدەرێت دونیابینی (لێرەدا دونیابینی بڕوابوون بەخودا و کاریگەری لەسەر زمانێکی تایبەت دەگرێتەوە) هەندێك میللەت لە ڕێگەی وێنە و هێڵکارییەوە کورتبکرێتەوە و دەربخرێت، ئەمەیش ڕێگە خۆشدەکات بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکە وردتر ئامانجەکانی بخاتەڕوو و شیبکاتەوە. سەرەڕای ئەوەیش لە فەرهەنگی ئۆکسفۆردا بە ئەم شێوەیە پێناسەی دونیابینی(کۆزانین، دیدگە) کراوە، کە بریتییە لە((ڕێگایەکی بیرکردنەوەی خودیی، یان کەسییە، بۆ تێگەیشتن لەژیان، کە لەسەر بنەمای بڕوا و هەڵوێستەکانی

دونیابینییەكە، بنیات نراو، .پەروەردەی مرۆڤیش دەبەسترێتەوە، بە دونیابینی مرۆڤەكانەوە))8 ئەم پێناسەیش وەك بناغەیەكی سەرەكی لە ئەم لێكۆڵینەوە پشتی پێدەبەستین، چونكە لەگەڵ مەبەستی لێكۆڵینەوەكەدا زیاتر یەكدەگرێتەوە.

وەك لە پێناسەكەی فەرهەنگی ئۆكسفۆردا ڕوونكراوەتەوە بابەتی دونیابینیی، یان كۆزانینی كۆمەڵایەتی بابەتێكی گرنگە، چونكە وەك لە پێناسەكی سەرەوە خراوەتەڕوو پەیوەستە بە پەروەردە و تێڕوانینی مرۆڤ وە، پەروەردە و بڕوابوون بەخودایش ڕاستەوخۆ كاریگەرییان لەسەر زمان و بەكارهێنانی زمان هەیە، لێرەشەوە ئەم بابەتە دووبارە پەیوەست بەزمانی مرۆڤەوە دەبێت، وەك پێشتر ئاماژەی پێدرا زیاتر زانایانی زانستی زمان و كۆمەڵناسانی زمان بە ناونیشانی (**زمان و دونیابینی**) باسیدەكەن 9، چونكە دونیابینی مرۆڤەكان لە نێو كۆزانینی كۆمەڵایەتی تواوەتەوە، هەر میللەتێكیش تێكردەی دونیابینییەكەی بە ئایینێك ، یان چەند ئایینێكەوە كاریگەرە. كۆزانیش ئەو زانیاریانەی مرۆڤ مامەڵەیان لەتەكدا دەكات، دوو بابەت دەگرێتەوە، یان دووبەش دەگرێتەوە:

1. زانیاری گشتی
2. زانیاری زمانی

زانیاری گشتی هەموو ئەو زانیارییانە دەگرێتەوە، كە لەبیركردنەوەی پەتیدان، بۆ نمونە بیركردنەوە و بینینی ڕووداوێكی ئۆتۆمبیل..هتاد، لێرەدا پرۆسەی چالاكی زمانی ڕۆڵیان تێدا نابینیت)10. واتە شوێنی ڕووداوەكە بەزمانەوە پەیوەست نییە و زمان ڕۆڵی تێدا نابینێت و پەیوەندی بەزانیاری زمانییەوە نییە، مەگەر دواتر لە ڕێگەی زمانەوە شیكردنەوە بۆ ئەو ڕوداوەبكرێت. لێرەدا كەباسی دونیابنییەكان دەكەین، لە نێو كۆزانیارییەكانی هەر میللەتێكدا دونیابینی هەیە، بەڵام ئەوەی گرنگە بۆ بواری زمانەوانی زانیاری زمانییە، بەڵام شیكردنەوەكە بەگشتی دەكرێت و لە كوێدا پێویستبوو، زانیارییە زمانییەكەی لێدەردەهێنرێت، زانیاری زمانی لە نێو بۆتە و ناوەی وشە، یان ڕستە و دەربڕاودا هەڵگیراوە، كە بەشیكردنەوەی ناوەڕۆكە زیاتر زانیاری زمانێكە دەزانرێت. لێرەدا لە نێو دونیابینیدا تەنیا بڕوا بەخودابوون لە ڕێگەی وێنەوە باسدەكرێن، چونكە ئەمە گرنگترین ئەركە لە نێو ئاییندا بۆ مرۆڤ دیاریكراوە، چونكە بەسەر كردار و زمان بەكارهێنانی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی هەیە.

وەك لەسەرەوە شیكرایەوە ئایین شوێنی گرنگی لە نێو بۆتەی (نێوەڕۆكی) زمانی هەر میلەتێكدا هەیە، بۆ ئەم مەبەستە زانایانی ئەم بوارە لە ڕێگەی ئایینەوە، تێڕوانینی چەند میللەتێكیان بەرانبەر خودا خستوتەڕوو، چونكە بڕوابوون بە خودایەك، یان چەند خودایەك، یان بڕوای مرۆڤ بەبوون، یان نەبوونی خودا، ڕەنگدانەوەی لەسەر دەربڕاو وشە و ڕستەكانی هەر میللەتێك هەیە. لێرەوە بەشێوەكی بەرایی و بەشێوەی وێنە، باسی دونیابینیی چەند میللەتێك پەیوەست بە ئایینەوە دەكرێت، هەریەك لە ئەو ئایینانەیش كۆمەڵێكی زۆر لە مرۆڤ باوەڕیان پێی هەیە و لە نێو بازنەی ئەو ئایینەدا ژیان بەسەر دەبەن.

**2-1/1) دونیابینی ئایینەکان:**

به کورتی هەندێك له دونیابینی ئایینەکان دەخەینەڕوو، له نێو دونیابینیدا تەنیا لایەنی بڕوابوون بەخودامان هەڵبژردراوە، چونکه چەمکی دونیابینی زۆرفراوانە، هاوشانی ئەوەیش کاریگەری ئایین و بڕوابوون بەخودا بەسەر زمانەوە دەخەینەڕوو.

**1-2-1/1) ئایینی هیندییەکان**


له ئەم ئایینەدا یەك خودا دەپەرسترێت، بەناوی (براهمان)، بەڵام کاتێك خواپەرستی بەکردار دەکەن، له نێو هیندییەکاندا چەند جۆرێکی تر خودا پەیدادەبێت. هەر کۆمەڵێك خوداوەندێکیان هەیە، کە له قور دورستکراوە و له شوێنیکدا پیرۆزکراوە، یان گا، یان پشیلە، یان مشك..**هتاد .** دەپەرستن. ئەم جۆرە بیرورا یە سەبارەت بە بوونی خودا ، دەوربەری زمانی جیاجیا هێناوەتەئاراوە. واتە تێڕوانینەکان جۆرێك فرەخواندی دروستکردووە، ناوی زۆری خوداکان کە له نێو ئەو وڵاتەدا هەیە، کاریگەری ئایین لەسەر زمانی هیندی بەڕوونی پشتڕاستدەکاتەوە. ئەگەر نیشانەی واتای (مانگا) له زمانی هیندیدا (هیندۆسەکان) وەربگرین، زۆر جیاوازە له نیشانە واتاییەکانی (مانگا) لەزمانی کوردیدا، ئەمەیش جیاوازی دونیابینی دوو میللەت، کە دونیابینییەکانیان (بڕوابوون بەخودایان) جیاوازە بۆ دەردەخات.



**((وێنەی ژمارە ( 1 )، بڕوای هیندییەکان، کە زیاتر له خودایەك دەپرستن))**

**2-2-1/1) ئایینی بوزییەکان**


ئەم کۆمەڵە ئایینییە بڕوایان بەخودا نییە، بەهیچ شێوەیەك کەس ناپەرستن، ئەمان بڕوایان بەزیندوبوونەوە نییە، چاویان له ڕابردو و داهاتووە.،لای ئەمان پیرۆزی بۆ کەس نییە، ئایینێکە و نوێژو ئەرکی ئایینیان (زۆر زۆر کەمە) نییە. تەنیا ئەرکەکانیان خودییە و ڕۆحیانی پێ ئاسودە دەکەن. ئەو کەسەیش پەیڕەوکەری ئەمان نەبێت، بە قسە و گوتەکانی بوزیی دەستی کەم پێیان دەگات. لیستێکیان هەیە، ئەو ئەرکانە تێدا ڕیزکراوە کە لەسەری ڕێکەوتون، کە تەنیا بۆ ئەو کەسانەیە کە بڕوایان بە ئایینی بوزی هەیە.



((وێنەی ژمارە (2)، بوزییەكان بڕوایان بەخودا نییە))

**(3-2-1/1 ئایینیی مەسیحی**


ئەم ئایینە زمانی تایبەت بەخۆیان هەیە، تەنانەت لە عێراقدا بەتایبەت لە بەغدا و..هتاد ئەو عەرەبانەی مەسیحین زمانێكی تایبەت بەخۆیان هەیە، كەجیاوازە لە زمانی عەرەبی ناوچەكەی خۆیان كە بەزمانی مەسیحی ناسراوە، وێردی ئایینی پێدەخوێنن و لە نێو خۆیاندا ئاخاوتنی پێدەكەن(11)، لە ئایینی مەسیحیدا بڕوایان بە ئەوەوە هەیە سێ خودا هەیە، خودا و ڕوحی پیرۆز و مەریەم، خودا و رۆحی خودا لە نێو لاشەیی عیسادایە (د.خ) یەكدەگرن، ئەم پێغەمبەرەیش گوناح و تاوانی گشتی لەسەر شانی خۆی خستووە. بڕواپێهنان لە نێو ئەم دینەدا زارەكییە، هەركات كەسێك گەرایەوە دانپیانان (تۆبەكردن) دەكات. ئەركی ئایینی كەمە بەدینی خۆشەویستی ناسراوە. ئەم ئایینە چونكە ئەركی ئایینی كەمە و سنوردارە، كاریگەری كەمتری هەیە لەسەر ئەو زمانانەی كە ئەم ئایینەی تێدا پێڕەو دەكرێت.



((وێنەی ژمارە (3)، بە بڕوای مەسحییەكان، خودا و بەندە لە خاڵێكدا یەكدەگرن))

**(4-2-1/1 ئایینی نەوەی نوێ**


ئەم تەمەنە هێندە هەستیارە، كە لێكۆڵەران بە ئایینی نەوەی نوێ دایانناوە، چونكە لەئەم تەمەنە(لە تەمەنی هەرزەكاری) دا، بڕوایان بەكەسایەتی و تواناو دەروونی خۆیان هەیە، لێرەوە خودا دەناسێت، وەك هێزێك سەروی دەسەڵاتی خۆی و لە ناخیدا بیدۆزێتەوە پێی دەژی، لە ئەم كاتەدا زۆربەی كات مرۆڤ بڕوای بە ئەوە هەیە، لە سنورێكی داخراودا دوبارە دەبێتەوە و دەژی. لێرەدا مەرج نییە كەسەكە ئاییندار بێت و كۆزانینی ئایینی زۆر بەسەر دەربڕاوەكانییەوە دیاربێت، زمانی نەوەی نوێ زمانێكی هەرزەكارانەیە و فۆرم و شێوازی تایبەتی خۆیان لە نیو خۆیاندا هەیە، لە نێو هەموو میللەتێكدا ئەم شێوازە تایبەتە هەیە. واتە لە ئەم كاتەدا دونیابینی ئایینی بەسەر تاكدا زۆر دیارنییە، لەبەر ئەوە شێوەی زمانیان تایبەتمەندی خۆی وەردەگرێت. هەندێك كات بە زمانی هەرزەكاری بەناوبانگە.



((وێنەی ژمارە (4)، نەوەی نوێ بڕوایان بەناخی خۆیان هەیە))

### 5-2-1/1) ئایینی ئیسلام

ئایینی ئیسلام بڕوای بە یەك خودا و پەیامبەرێك هەیە. واتە لەیەك ڕوانگەوە(شوێنەوە، گۆشەنیگاوە) تەمشای ئاسمان دەکەن. شێوەزاری (ئەکسێنتی) قورەیشیش ،لە سایەی ئایینداا بوو بە زمانێکی پێوانەی زۆربەی وڵاتە عەرەبییەکان، هەر لەڕێگەی دونیابینی ئایینەوە، کارگەری زمانی عەرەبی بەسەر چەندین زمانی زیندوی ئەمڕۆ دیارە، یەکێك لە ئەو زمانەیش زمانی کوردییە.



((وێنەی ژمارە (5)، ئایینی ئیسلام، شوێنکەوتوانی بڕوایان بەیەك خودا هەیە))(12)

ئاشکرایە، ئایینی ئیسلام لە نێو کوردا مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەپێی ناسنامەی باری شارستانی زۆرینەی کورد موسڵمانن، ئایینی ئیسلامیش کاریگەری زۆری لەسەر زمانی کوردی هەیە، لە ئەم لێکۆڵنەوەدا زیاتر جەخت دەخەینە سەر ئەم ئایینە، چونکە دوا ئاین لە نێو ئایینە ئاسماتییەکاندا، کاریگەری لەسەر دەربڕاوی کوردیش زۆرە. لە ئەم ئایینەدا بڕوا تەنیا بەیەك خودا هەیە. واتە فرەخودایی بوونی نییە، ئەم کاریگەرییەیش لە نێو زمانی کورد بەڕوونی دیارە بۆنمونە:

1. خودا یەکە و نابێت بەدوو (لە بواری هەڕەشەدا).
2. بەخودا قەسەم، قەسەم بەخوا، یان سوێند بەخودایی تاقانە، بەزاتی خوا، بەخودای تاك وتەنیا (سوێندخواردن).
3. خودای گەورە، خودای مەزن، ..هتاد (فرێز و دەربڕاو)..هتاد.

ئەگەر تەماشای ئەم دەربڕاوانەی سەرەوە بکەین، کاریگەری دونیابینی ئیسلام بە ڕوونی دەبینرێت، کە خودا(یەکە، مەزنە، گەورەیە، تەنیایە)، ئەمەیش کاریگەری دونیابینی لەسەر دەربڕاوەکانی زمانی کوردی بەڕوونی دەردەخات، دیارە کاریگەری ئایینی ئیسلام لەسەر (دەنگ، وشە، ڕستە)ی زمانی کوردی هەیە(13)، بەڵام بۆ دیاریکردنی ڕادەی کاریگەرییەکەی لە ڕووی ناوەڕۆك و پێکهاتەوەکەمتر لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی کوردی کراوە. وەك

لەسەرەوە خراپەروو، ئەوانە هەندێك لە ئایینە گرنگەكانی نێو گەردوونن كە هەنێدكیان ئاسمانیین وەك (ئیسلام، مەسیحی)، هەندێكیشان لەسەر زەوی دروستكراوە.

دیارە لە كورداواریدا ئایینی تر هەبووە، وەك ئایینی زەردەشت، ئەم ئایینە بە ئایینی دوانە پەرستی بەناوبانگە. ئەم بیروباوەڕە بە كتێبێك پشت ئەستوركراوە بە ناوی (ئاڤێستا)وەیە، كە لەسەر دووبنەمای بەهێز بنیاتنراوە، كە بەناوی (خودای چاكە و خودای شەڕ)، لێرەوە پەیڕەوكەرانی ئەم ئایینە بڕوایان بە هەردوو هێزەكە هەیە. هاوكات لە ئەم ئایینەدا (ئاگر، خاك، ئاو) بە سێ كۆڵەكەی ئایینەكە دانراون، تەنانەت (ئاگر) بە دروشمێكی هێندە پیرۆز ناوبراوە، زەردەشتییەكان لەلان خەڵكی ترەوە وەك ئاگرپەرست ناسراون(14)، لەكاتێكدا ئەوان ڕێز لە ئاگر دەگرن.

**4. ئاگر**

**ئایینی زەردەشتی**

+ دروشمی زەردەشت
+ پیرۆزی
+ ڕێزگرتن (نەكوژانەوە)
+ پاسەوانیكردن

وەك دەبینین ئایینی زەردەشتی لەسەر دەربڕاوەكانی زمانی كوردی كاریگەری هەبووە، بە گۆڕانی ئایینەكە بۆ ئایینی ئیسلام، هەر ئەو وشەیە لە زمانی كوردیدا نیشانە واتاییەكانی گۆڕاوە.

**5.ئاگر**


ئایینی ئیسلام

+ ئاگری دۆزەخ (ئەنجامی كاری خراپ)
+سوتان، خۆپاراستن
+ ترس وتۆقان
+ خۆدورسختنەوە..هتاد.

وەك دەبینین وشەی (ئاگر) كاتێك ئایینی كورد گۆڕدراوە، نیشانە واتاییەكانیشی گۆڕدراوە، ئەو وشە لێكدراوەنەیش بەرەوە نەمان چووە، بۆ نمونە (پاسەوانی ئاگر)، لە كاتی پێڕەو كردنی ئەو ئاینەدا بەكارهاتووە، بەڵام ئێستا ئەو وشەیە بەدەگمەن بەكاردێت، ئەم بابەتە وەك دەڵێن ئاو زۆر دەكێشێت، پێویستی بەلێكۆڵینەوەی سەربەخۆ هەیە، لێرەدا لەبەر سنوری لێكۆڵینەوەكە زیاتر لەسەری ناڕۆین.

### 2) دورسوتبوونی دونیابینی، پەیوەست بەزمانەوە:

كاتێك دوو بواری جیاواز پەیوەستدەبن بەیەكترییەوە ئەو دەردەخەن، كە هەردووكیان خاوەنی تایبتمەندی خۆیان و لەگەڵ ئەوەیشدا تەواوكەری یەكترین، دونیابینی دەكرێت بە بیركردنەوەی تاكەسێك، یان كۆمەڵێك بگوترێت، كە پێی قوناغی مێژوو دروستبوون، بۆ ئەم مەبەستە سەرەتای دروستبوونی دونیابینی پەیوەست بەزمانەوە لە هێڵكارییەكدا دەخەینەروو.




((هێلکاری ژمارە ( 1 ) شێوازی دروستبوونی دونیابینی لە نێو کۆمەڵگادا )) (15)

وەك لە هێڵکارییەکدا دەبینرێت سەرەتای ژیان خەڵکی کەم بووە، پێوەندییەکان لاوازبوون، لەبەر ئەوە دونیابینی ئەو کۆمەڵە بچووکە(وەك خێزانێك) دونیابینی تایبەت بەخۆیان هەبووە، کە یە دونیابینی ژمارە یەك نانراوە، کە ئەزموونی ژیان بەسەریەکەوە زۆر کەڵەکە نەبووە لەبەر ئەوە دەبینین پێوەندییەکان بچڕ بچڕ و یاساکانیش لە نێویاندا بەشێوەی ورد و چڕ نەهاتووەتە ئاراوە. کاتێك کۆمەڵ فراوان دەبێت و کۆمەڵگای گەورەتر دروستدەبێت، کلتوری هاوبەش و دونیابینی تر دورستدەبێت و زمان فراواتر بەکاردەهێنرێت، لەبەر ئەوە دونیابینی ژمارە دوو دروستبووە. واتە ئەو دوو سیٚ گۆشە هەرەمییە، یەك کۆمەڵن لە دوو سەردەمی مێژووی جیاوازدا خراوەتەڕوو، کە تێدا دونیابینی بە هۆی بەکارهێنانی زمانەوە لە نێو ئاخێوەراندا دروستبووە. واتە دونیابینی بەهیچ شێوەك دابڕاو نییە، بەڵکو کۆی بەکارهێنانەکانی زمانە لە کۆمەڵگادا، کە کاریگەری کلتور و داب و نەریت و ئایینی بەسەرەوە هەیە، ئاشکرایە ئایین لە کلتور بچوکترە لەبەر ئەوە لە لایەن کلتورەوە ئایین وەردەگرێت، بەڵام کاتێك ئایین چەسپا و بڵاوبوبەوە سنور بۆ بەشێك لە کردار و نەریت دادەنێت. هاوکات زمانیش وەك بەشێك لەکلتور کاریگەری ئەو ئایینەی بەسەرەوە جێدەمێنێت، بۆ ئەوەی کاریگەری ئایین لە سەر زمانەکە شیبکەینەوە پێویستمان بە دووبارە هەڵشوەشاندنەوەی دونیابیینیە، تا ئەو ڕادەی کاریگەری ئایین بەسەر زمانەوە بە شێوەکی ورد دیاریدەکەین.

لە سێگۆشەی یەکەمدا دەبینین زمان نەخراوەتە ژێر لێکۆڵینەوەی وردەوە، پێوەندییەکانی زمان بەدەوروبەرەوە وەك سێگۆشەی دووەم فراوان نییە، لەبەر ئەوە ئاماژە بەیاسای زمانی لە سێگۆشەی یەکەم، وەك سێگۆشەی دووەم نەدراوە، لە سێگۆشەی یەکەمدا ئاخێوەران بۆ ئەوەی واتا بگەیەننە بەرانبەرەکانیان زمان لە چێوەیەکی بچوکتردا بەکاردەهێنن، لە سێگۆشەی دووەمدا ڕەمز بۆ دەنگ و یاسایی واتای کاری لەسەر کراوە و هاتووەتەئاراوە. ئەمەیش


ئەوە دەگەیەنێت تا ژیان بەرەو پێشتر بچێت پێوەندی ڕەمز و واتا ئاڵۆزتر دەبێت و بەمەیش دونیابینی کۆمەڵ گۆرانکاری زیاتری تێدا دەبینرێت بەشێوەیەك ئەوە گۆڕانکارییەکانی لە نێوان دوو سەردەمدا دروستدەبێت جیاوازە، کاتێك لە ڕوانگەی زمانەوە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت، بەنمونەیەك مەبەستەکەمان ڕۆشنتر دەکەینەوە.

**1.بەراز** — ئیسلام

دونیابینی (1):
- + ئاژەڵ
- + کێوی
- +− خواردن
- +− بەخێوکردن
- +− زیانبەخش

دونیابینی (2) **کلتورەکەی کاریگەرە بەئایینی**:
- + ئاژەڵ
- + کێوی
- − خواردن
- − بەخوێکردن
- − کرین فرۆشتن

وەك دەبینین کاتێك لە دونیابینی سێگۆشەی دووەمدا، کلتوری هاوبەش دروستبووە، لە کلتورەکەیشدا ئایینی ئیسلام پەیڕەوکراوە، کلتوری کوردی زیاتر سنورداركردووە. واتە ئەگەر هاتوو کلتوری هەر میللەتێك ئایینێکی نوێ وەربگرێت نیشانەی واتایی هەندێك وشەکانی دەگۆڕێت، ئەگەر لەبری ئایینی ئیسلام (بوزی، یان ئایینی مەسیحی بوایە نیشانە واتاییەکانی (بەراز) گۆڕانی تێدا نەدەبوو. واتە یاساغ نەدەکرا. ئەم بابەتە زۆر هەڵدەگرێت لێرەدا ناتوانرێت هەموو لایەنییەکانی مافی خۆی پێبدەین و ڕوونیکەینەوە، لەبەر ئەوە بەهێڵکارییەك ئەو پێوەندییە کورت دەکەینەوە، لە هێڵکارێکەیشدا نیشانەی (؟) دەبینرێت، کە ئاماژەیە بۆ ئەو پرسیارانەی لەسەر ئەم بابەتە دروستبووە، وەڵامی لە ئێستا نییە.




**((هێڵکاری ژمارە (2) دونیابینی پەیوەست بەزمانەوە))**

ئەم هێڵکارییە لە ئەنجامی لێکدانەوەکانی پێوشتر دروستکراوە، کە بەشێوەیەکی سادە و ڕوون، ئاسانکاری دەکات، بۆ لێکۆڵینەوە و لەیەك جیاکردنەوەی پێوەندی ئاڵۆزی زمان و ئاین و کۆزانینی مرۆڤ، لەگەڵ ئەوەیشدا بەپێی تیۆری پێویست دەتوانرێت، ئەنجامی زانستی بەرچاو بخرێت و ڕادەی کاریگەری ئاین، بەسەر فۆرم، یان واتای زمانەوە دەربخرێت، ئەمەیش سودی خۆی لە بواری زانستی زماندا هەیە .وەك لەهێڵکاری ژمارە (2) کۆزانینی گشتی خرایەڕوو، لە ئەم لێکۆڵینەوەدا کار لەسەر کاریگەری ئایینی ئیسلام، لە ڕوانگەی واتاوە دەکرێت، بۆ ئەوەی بزانرێت تا چەند لەسەر زمانی کوردیی کاریگەری داناوە، بەپێی تێۆری گونجاو بە نمونەوە ئەم بابەتەڕوونتر دەکرێتەوە.

## 1/2) شیکردنەوەی دونیابینی ئایینی، لە ڕوانگەی تیۆری نیشانە واتاییەکانەوە

سەرەتا بە باشی دەزانین تیۆری نیشانە واتاییەکان (Semantic feature) بخەینەڕوو، چونکە بەپێی تیۆری نیشانە واتاییەکان، دەمانەوێت زمان، لەسایەی دونیابینی ئایینیدا بخەینەڕوو. ئاشکرایە، کە (دیاریکردنی نیشانە واتاییەکان، لەفەرهەنگدا کارێکی گرانە، بەڵام لە سینتاکسدا کارێکی ئاسانە) (16) لێرەدا مەبەستی لە ئەوەیە، کاتێك باسی فەرهەنگ دەکرێت، کاریگەری کلتور و ئایینی بەسەرەوەیە، لە بەرئەوە دەربڕاوی تێدایە، کە زیاتر لە واتایەکی لێ ئاڵاوە، شیکردنەوەی ئەو واتایانەیش پەیوەستە بەزانیاری کلتوری و ئایینیەوە، ئەمەیش شیکردنەوەکان کەمێك قورستر دەکات و لێلی زۆر دروست دەکات و شیکردنەوەی زیاتری دەیەوێت، کە لەفەرهەنگدا ئاسان ناکرێت، چونکە قەبارەی فەرهەنگ زۆر گەورەتر دەکات، بەڵام لە ئاستی ڕستەسازیدا مەبەستی قسەکەر و گوێگر لە دەوربەرێکی دیاریکراوە بەپێی دراوسێیەتی وشەکان لەنێو ڕستەکەدا مەبەستەکە ئاسانتر شیدەکرێتەوە لێڵی واتای کەمتر دەبینرێت. ئاشکرایە کە لە سەرەتای ساڵی شەستەکاندا، نیشانە واتاییەکان وەك ئامڕازێکی نمونەیی تیۆریی شیکردنەوەیی واتایی بووە و بۆ ئەو مەبەستە بەکارهێنراوە، لە ئەم تیۆرەدا بەرەوپێشچوون و گەشەندن لە ساڵی حەفتا و هەشتاکاندا بەدەست هاتووە، بەتایبەت (لە سەرەتای کارەکانی (Ju.Apresjan ) لە ساڵی (1974) و (A.Wierzbicka) لە سەرەتای(1972)دا، پەیوەست بە سەرەتاکانی شیکردنەوەی نیشانە واتاییەکانی وشەکانەوە، لێرەشەوە واتایەکی نوێتریان بە زاراوەی نیشانە واتاییەکان داوە. نیشانە واتاییەکان مانایەکی بەپێزتریی پێ بەخشراوە، لە پلەی دووەمی واتاپێدانیدا، بەتایبەت لە سیستێمی (پێواژۆکاری پرۆسەی خۆکارییانەی زمانی سروشتیNLP) دا، کە سیستێمێکی نێوەندگیریە لە نێوان زمان و کۆمپیتەردایە. واتە بەشداریکردنی کۆمپیتەر لە بواری شیکاریی زمان لە مێشکی مرۆڤدا دەگرێتەوە، بە واتایەکی تر دەتواننرێت بگوترێت، نیشانە واتاییەکان لە ئێستادا ئاستێکی شیاوتری هەیە و بابەتی نوێتر و ئاڵۆزتر شیدەکاتەوە، لەبەر ئەوە دەتوانرێت وەك ڕێبەر و ڕێنیشاندەرێکی واتاسازیی بۆ شیکردنەوەی وشەکانی زمان تەماشابکرێت، لێرەوە دەتوانرێت ئەوە بخرێتەڕوو نیشانە واتاییەکان بۆ شیکردنەوەی واتای وشەکان ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر و پێشەنگ، بۆ ڕێکخستن و سنوردارکردن و هەڵبژاردنی وشە و ڕێکخستنی ڕێزمان دەبینێت) 17.

تیۆری نیشانە واتاییەکان یەکێکە لە تیۆرییەکانی واتاسازی، کە بەهای خۆی لە نێو زانستی زماندا هەیە چونکە ((لە ئەم تیۆرەدا، لە ڕێگەی بەرانبەر یەك ـ دانانەوە ئەوەمان دەستدەکەوێت، کە لە تێورەکەدا بە sem، یان نیشانە

سیمانتیکە جیاکەرەوەکان ناسراون))18. وەك لەسەرەوە خرایەڕوو، تیۆری نیشانە واتاییەکان، یان ڕێبازی شیکردنەوەی پێکهاتەیی ((بەدوای ڕۆنانی فەرهەنگ، بەهۆی توخمەپێکهێنەرەکانی وشە دەگەڕێت)) 19. لە بەرئەوەی ناوەوەی وشە، کرۆکی واتایی وشە، لەڕێگەی نیشانە واتاییەکانەوە (+، -) دیاریدەکات. لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت، تیۆری نیشانە واتاییەکان، زانیاری ورد و تایبەتی، زمانێکی دیاریکراو پەیوەست بەلایەنی ڕۆشنبیری و کۆمەڵاتی و ئایینییەوە دەخاتەڕوو. وەك لەسەرەوە خرایەڕوو، ئەم تیۆرە بۆ شیکردنەوە و دونیابینی زمانی کوردی پەیوسەت بەئایینی ئیسلامەوە تیۆرییەکی شیاوە، بەئاسانی ئامانج بەدەستەوە دەدات، لەبەر ئەوە بەپێی ئەم تیۆری نیشانە واتاییەکان نمونەکان شیدەکرێنەوە و بەراورد دەکرێن و ڕادەی کاریگەری دونیابینی ئایینی ئیسلام لەسەر زمانی کوردی لەڕێگەی شیکردنەوەی نمونەی دیاریکراوە لێکۆڵینەوەی تێدا دەکرێت.

## 2/2) جۆرەکانی نیشانە واتاییەکان

کاتێك لە زمانێکی تایبەتیدا لێکۆڵینەوە دەکەین چاومان بەچەندین جۆر وشە و دەربڕاو - بەپێی بۆنەی کۆمەڵایەتی و کلتوری و ئایینی دەکەوێت. هەریەك لە ئەو دەربڕاوانە نیشانەی واتایی تایبەت بەخۆیان هەیە، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت بۆ ئاسانکاری لێکۆڵینەوە دەتوانرێت چەند جۆرێك نیشانەی واتایی بۆ دەربڕاوە زمانییەکان دیاریبکرێت، ئەوکات ئەنجامی ڕوونتر بەدەستدەهێنین. لێرەدا مەبەستمان لەئەوەیە نیشانە واتاییەکانی دەربڕاوەزمانییەکان وابەستەی تێڕوانینی کلتوری و دونیابینی ئەندامانی کۆمەڵن لە دەقە کۆمەڵاتییەکاندا بەکاردەهێنرێن.واتە بەپێی بۆنەکۆمەڵاتییەکان دەربڕاوەکانی زمان بەکاردەهێنرێت، لێرەوە دەتوانرێت بگوترێت چەند جۆرێك نیشانەی واتایی لە زمانی کوردیدا دەتوانرنرێت دیارییبکرێت، بە شێوەیەکی گشتی بەسەر دووجۆردا دابەشیدەکەین:


### یەکەم: نیشانە واتاییە زمانییەکان

### دووەم: نیشانە واتاییە ئایینییەکان

ئەم جۆرە نیشانە هەموو باردۆخەکانی ئاخاوتن دەگرێتەوە، لە فەرهەنگەوە بۆ نێو ڕێزمان و لە ڕێزمانیشەوە چێوەی کلتوری کوردی دەگرێتەوە، دەتوانین بۆ چەند بەشێك دابەشی بکەین20:

1. نیشانەی واتایی فەرهەنگی
2. نیشانەی واتایی دروستەی
3. نیشانەی واتایی کلتوری کوردی (کۆمەڵایەتی)

بۆ ئەوەی جۆرەکانی نیشانە واتاییەکان ڕوونبکرێنەوە نمونەی (مەیخۆر) شیکاری بەپێی نیشانە واتاییەکان بۆدەکەین، چونکە ئەم دیاردەیەکە لە نێو مرۆڤایەتیدا باوە، لە هەندێك ئایین ڕێگەی پێدراوە و لە ئایینی ئیسلامیش بەپێی قۆناغ یاساغ کراوە.




وەك لە شیكاری نمونەی (مەیخۆر/ ئارەقخۆر) دەبینین، نیشانە واتاییە زمانییەكان جیاوازە لە نیشانە واتاییە ئایینیەكان، چونكە ئاین كە دێتە نێو فەرهەنگ و كلتورە و دوبارە سنورداریدەكاتەوە، بەپێی (پاداشت و سزا)ی هەردوو دونیا، بەلاَم كلتور ئەگەر پاداشت و سزای هەبێت، زیاتر بۆ چوارچێوە كۆمەلاَتییەكان كارایە و بەكاردەهێنرێت.

## 3/2) كاریگەری نیشانەی واتایی ئایینی، لەسەر زمانی كوردی

بۆ ئەوەی تیۆرییەكە لە زمانی كوردیدا شیبكرێتەوە، كۆمەڵێك نمونە دەهێنرێتەوە، لە ڕوانگەی ئایینی ئیسلام و لە گۆشەنیگای زمانەوە نیشانە واتاییەكانی دەخرێنەڕوو، ئەوكات زۆر بەئاسانی كاریگەری ئایین لەسەر زمانی كوردی ڕووندەبێتەوە.

| نیشانەی واتای ئایینی | نیشانەی واتای زمانی |
|---|---|
| **1. دەستی ڕاست**<br>+ ئەندامی لەش<br>+ سونەت (دوبارەکردنەوەی پیرۆز)<br>+ خستنەسەر دەستی چەپ<br>+ نانخواردن<br>+سڵاوکردن<br>+ خستنە ژێر سەر لەکاتی نوستندا<br>+ نانخواردن..هتاد | **دەستی ڕاست**<br>+ ئەندامی لەش<br>− سونەت<br>+− خستنەر دەستی چەپ<br>+− سڵاوکردن<br>− + نانخواردن<br>− خستنەژێرسەر لەکاتی نوستن<br>+ − نانخواردن |
| **2. بەراز**<br>+ گیاندار<br>+ گڵاو<br>− خواردن<br>+ یاساغ (حەرام، قەدەغە، بێزراو)<br>+ کێوی | **بەراز**<br>+ گیاندار<br>+− گڵاو<br>+−خواردن<br>− یاساخ<br>+− کێوی |
| **3.سەوز**<br>+ ڕەنگ، + دەسەڵاتی خودا، زیندوبونەوە<br>+ پیرۆزی وجوانی<br>+ بەیداخی ئیسلامی<br>+ تەبەروک (تەبەروک لە ئاییندا دروست نییە، بەڵام دروستکراوە)<br>+ ڕەنگکردنی مزگەوت<br>+ ڕەنگی بەهەشت..هتاد (تێگەیشتنی ئاینیانەیە بۆ ڕەنگ، پێویستی بەلێکۆڵینەوەی زیاتر هەیە) | **سەوز**<br>+ ڕەنگ، وەرزی نوێ<br>+− پیرۆزی و جوانی<br>+ جوانی<br>− تەپروک<br>+ بەهار<br>+ ئاوەدانی ..هتاد |
| **4. حوشتر**<br>+گیاندار<br>+خواردنی (پیسایی)<br>+ پیرۆزی..(جۆرێك لە ڕێزی زیاتری هەیە) هتاد | **4. حوشتر**<br>+گیاندار<br>+ − خواردنی<br>− پیرۆز |

| | |
|---|---|
| **5. سەگ**<br>+گیاندار<br>− + ماڵی<br>− خواردن<br>+ گڵاو | **5. سەگ**<br>+ گیاندار<br>+ ماڵی<br>− خواردن<br>+ − گڵاو |
| **6.قاچی ڕاست**<br>+ ئەندامی لەش<br>+ سونەت<br>+ چونە نێومزگەوت<br>−چونەسەرئاو<br>−هاتەدەر لەنێومزگەوت<br>+ خستنەسەر دەستی چەپ | **6. قاچی ڕاست**<br>+ ئەندامی لەش<br>−سونەت<br>−+چونە نێو شوێن<br>−+ چونەسەرئاو<br>+− شێونی پیرۆز<br>+−خستنەسەر دەستی چەپ..هتاد |
| **7. یەك (یەك خودا)**<br>− ژمارەی ژماردن<br>− زیادکردن<br>− پێش خودا<br>− هاوبەش<br>+ دەسەڵاتی ڕەها<br>**8. خوێن**<br>+ یاساغ<br>+ بێنوێژ (پیس، زیانبەخشە بۆ مرۆڤ)<br>− خواردن | **7. یەك**<br>+ ژماردن<br>+ زیادکردن<br>+ هاوبش<br>+ کۆکردنەوە<br>+ لێدەرکردن<br>**8. خوێن**<br>+ یاساغ<br>+ − پیس و زیانبەخش<br>− خواردن |

وەك لە شیکردنەوەی نمونەکانی (**1-8**) دیارە، دەبینین ئایین کاریگەری کردووەتە سەرواتایی وشە ڕەسەنە کوردییەکان و نیشانەی واتایی زیاتری پێداون، بەڕونی لێرەدا کاریگەری ئایین لەسەر زمان زۆر ورتر دەبینرێت، ئەگەر بەئەم شێوەیە نمونەی تربهێنرێتەوە زیاتر کاریگەری ئایینی ئیسلام لەسەر زمانی کوردی دەردەکەوێت، ئەمەیش ئەوەمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە ئایین مەرج نییە تەنیا کاریگەرییەکانی لە ڕێگەی فۆڕمی وشەوە بێت وە وشە

عەرەبییەکانی نێو زمانی کوردی کە بەزۆری دەبینرێت، بەڵکو کاریگەری لەسەر نێوەڕۆك و پێکهاتەی وشەو دەربڕاوەکانی ڕەسەنەکانی تری زمانەکەیش دادەنێت، وەك لەسەرەوە خرایەڕوو. لێرەوە دەتوانین بڵێن ئایین زمانی نییە، بەڵکو هەر میللەتێك ئایینی وەرگرت، ئاساوار و کاریگەری ئایینەکە بەسەر زمانەکەوە کەڵەکە دەبێت و کاریگەری لەسەر دادەنێت.

ئەگەر تەماشای دەربڕوای (دەستی ڕاست) لە پێش ئەوەی کلتوری کوردی ئایینی ئیسلام وەربگرێت، دەبینین وەك ئەندامێکی لاشە بۆ کارکردن بەکارهاتووە، بەڵام کاتێك ئایینی ئیسلام هاتە نێو کلتوری کوردییەوە، هەر ئەو دەربڕاوەیە سنوری بەپێی (پاداشت و سزا) بۆ دیاریکراوە، بۆ نمونە لە ئایینی ئیسلامدا ئەوە (قورئان) دەڵێت: ئەوەی نامە بەدەستی چەپ وەربگرێت لە ئەو دونیا بۆ ئاگری دۆزەخ دەچێت، ئەوەی بەدەستی ڕاست نامەکە وەربگرێت، ئەو کەسە سەرفرازبووە. وەك دەبینین کاریگەری ئایین بەسەر ئەم دوو دەربڕاوە بە ڕوونی دیارە. لێرەوە **(دەستی ڕاست)** بەپێی ئایینی ئیسلام پیرۆزی بەسەر (دەستی چەپ) دا وەرگرتووە، لە کاتێکدا لە زماندا هەردوکیان وەك دوو دەربڕاون ـ بۆ ناونانی ئەندامەکانی لاشە وەك یەك بەهایان هەیە و هیچ کامیان لە ئەوی تریان پیرۆز یان باشتر نییە، ئەمەیش ئەو ڕاستییە دووبارە دەکاتەوە، هەر زمانێك ئایینی وەرگرت و هەڵسوکەوتی مرۆڤەکان بەپێی مەرجەکانی ئەو ئایینە ڕێکخرا، ئاسەوار و کاریگەری ئایینەکەیش بەسەر زمانەوە جێدەمێنێت.

## 4/2) بەکارهێنانی زمان، لە ڕوانگەی کۆزمانەوانیەوە:

ئاشکرایە زمان وشە بەکار ناهێنرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی شریتی دەنگی لەکاتی گفتوگۆ و ئاخاوتندا دەردەکەوێت، بەڵام پرسیار ئەوەیە ئایا ئاسەواری ئایینی لەکاتی گفتگۆکان و بەکارهێنانی زماندا دەردەکەوێت یان نا، بۆ ئەمەبەستە نمونە دەهێنینەوە.

### 8. گفتوگۆی یەکەم:

**ا**. ئەرێ بەراز هێڵکە دەکات؟

**ب**. کاکە پیسە، ویستی هێلکە بکات، دەیکات، یان کردی کردی.

ئەگەر تەماشای نمونەی (8:ا،ب) بکەین، دەربڕاوی (بەراز ، پیسە، هێڵکەکردن) واتای ئایینی و کلتوری و فەرهەنگی و کۆمەڵاتی تێکەڵ بووە. نیشانە واتاییەکانی بەراز وەربگرین زیاتر مەبەستەکەمان بۆ ڕووندەبێتەوە.

نیشانە واتای کۆزمانی و ئایینی:

+ گیاندار
+ کێوی
+ پیس و زەرەرمەند
+ کاری نەکردە کردن
+ خراپە و ستەمکاریکردن
+ ناشرینی و پیس
+ هەموو ڕەفتارێکی خراپ
+ سزاوەرگرتن
- خواردنی گۆشت ..هتاد.

**9. گفتوگۆی دووەم:**

**ا. فلانکەس بەلاتەوە چۆنە؟**

ب. وەڵا ئەڵیی فریشتەیە

ا. یانی بێخەم بم؟

ب. سەری پێبسپێرە.

ئەگەر تەماشای نمونەی (9:ا،ب)بکەین دەبینین دەربڕاوە زمانییەکان و دەربڕاوە ئایینییەکان پێکەوە بەکارهێنراوە، بۆ نمونە (فریشتە، سەرپێسپاردن) ئەم دو نمونە پێکەوە تەواوکەری یەکترین. واتە وەك فریشتە پاکە، بێگەردە، یەکڕووە، درۆناکات، لەبەر ئەوە شایەنی سەرپێسپاردنە و شایەنی ئەوەیە تێکەڵی بکەیت و پرس و ڕای پێبکەیت. ئەگەر نیشانە واتاییە دیاریبکەین ئەوە دەزانین کە لە کاتی بەکارهێنانیدا پێکەوە بەکارهاتوون.

**10. ا. پیاوەکە مرد.**

**ب. سەگەکە تۆپیوە.**

وەك دەبینین فۆرمی تۆپین کە بۆ دەرچوونی ڕۆحی سەگ بەکارهاتووە کاریگەری ئایینی ئیسلامی بەسەرەوەیە، بەڵام ئەگەر کاریگەرییە ئایینییەکە لابەین دەتوانین فۆرمی (مردن) بۆ (مرۆڤ، سەگ) بەکاربهێنین. وەك دەبینین نمونەی زۆر بۆ ئەم بابەتە هەیە، چونکە (سەگ) لە ڕووی زمانەوانییەوە خاوەنی نیشانەی تایبەتی خۆیەتی کە جیاوازە لە ئەو نیشانە واتاییانەی کە لە بەهۆی ئایینەوە وەریگرتووە. لێرەوە دەتوانین بڵێین وشەکان بەپێی تێپەڕبوونی کات، نیشانە واتاییەکانی زیاد و کەم دەکات، ئەمەیش کاتێك ڕووندەبێتەوە بەپێی تیۆری نیشانە واتاییەکان ناوەڕۆکی وشەکان شیبکەینەوە.

**ئە نجامی لێکۆڵینەوەکە**

1. **لە ڕێگەی تیۆری نیشانە واتایکانەوەبە ئەو ئەنجامە گەیشتین، کە ئایین تەنیا لە ڕووی فۆڕمەوە کاریگەری لەسەر زمان ناکات، بەڵکو لە ڕوانگەی ناوەڕۆکەوە کاریگەری خۆی بەسەر زمانەوە جێدەهێڵێت.**
2. **ئەنجامی شیکردنەوەکانی** ئەم لێکۆڵینەوەی ئەوی سەلماند، کە ئایین بێزمانە و زمانی نییە، هەر زمانێك ئایینێکی پێبڵاوبکرێتەوە، کاریگەری و ئاسەواری ئایینی لەسەر ئەو زمانە بەجێدەمنێت، بەپێی هێز و کاریگەری ئایینەکە لە نێو ئەو میللەتەدا کە بەکاردەهێنرێت، کاریگەری ئایین بەسەر زمانەوە دەبینرێت.
3. لە ڕێگەی تیۆری نیشانە واتاییەکانەوە بە ئەو ئەنجامە گەیشتین، ، بەوردی دەتوانرێت کاریگەری ئایین بەسەر زمانەوە دیاربکرێت و جیابکرێتەوە.
4. لە کاتێکدا زمان لە نێو کۆمەڵدا بەکاردەهێنرێت، نیشانە واتاییە زمانیی و ئایینییەکان پێکەوە و بەتێکەڵی بەکاردەهێنرێن، بەڵام بەئاسانی دەتوانرێت جیابکرێتەوە.
5. دوای شیکردنەوەی ورد لە ئەم لێکۆڵینەوەدا، بە ئەو ئەنجامە گەیشتین، ئەگەر هەموو فۆڕمی وشە عەرەبییەکانی زمانی عەرەبی لە نێو زمانی کوردیدا لابەین، ناتوانین کاریگەری ئایین ئیسلام لەسەر زمانی کوردی هەڵبگرین، ئەمەیش بێ زمانی ئایین دووپاتدەکاتەوە.

## پێشنیاز:

1. له بواری پرۆگرامی پەروەردە، بە ئاگابین له تێكەڵكردنی دونیابینی زمانی پرۆگرامەكان، واتە دژییەكی تێدا نەهێڵرێت، لە نێو دونیابینی پەروەردەی هەرێمی كوردستاندا، تاك، تا تەمەنی هەرزەكاری سێ جار زیاتر دونیابیینی كەسەكە دژیەك و پێچەوانەی یەكتری دەبێتەوە، ئەم بوارە پێویستی بە لێكۆڵنەوەی تایبەت هەیە.
2. زمانی كوردی شیاوە، بۆ هەموو ئەركە فەرمییەكان و خاوەنی شوناسی خۆیەتی، لەبەر ئەوە بۆ دەستور و بڕیاری دادگا و..هتاد، خزمەتی زیاتر بكرێت لە لایەن پسپۆڕانەوە. واتە ئەو زمانەی ئایین تێیدا كاریگەری هەیە، مەرج نییە خاوەن شوناسی خۆی نەبێت، پێشنیاز دەكەین ئەم بوارە لێكۆڵینەوەی زیاتری تێدا بكرێت.
3. ئەم بابەتی ئایین و زمانە، لە نێو زمانەوانی نێوخۆ و جیهاندا، زۆر لێكۆڵینەوەی تێدا نەكراوە، بە هیوان وردە وردە كاری زانستی زیاتری تێدا بكرێت.


## المُستخلص:

هذا البحث تحت عنوان "**اللُّغة، في كَنَف تصوُّر العالَم الدِّينيّ**" (اللُّغة الكورديّة نموذجًا)، يتألف من جزأين: يُبيّن الجزء الأول العلاقة بين اللُّغة والدِّين ومفهوم تصوُّر العالَم مع بيان تصوُّر العالَم لبعض الأديان من خلال عرض الصُّور المَعنيَّة. ويدرس الجزء الثاني كيفيّة تكوين تصوُّر العالَم وارتباطه باللِّسانيّات. ومن خلال استخدام نظريّة السِّمات الدَّلاليّة أظهر الباحث تأثير الدِّين الإسلاميّ على اللُّغة الكورديّة تحديدًا. واختتمت هذه الدِّراسة ببعض الاستنتاجات العلميّة، تُبيّن إحدى هذه الاستنتاجات أنَّ الدِّين لا يؤثر على شكل اللُّغة فقط؛ بل يؤثر على جوهر اللُّغة كذلك، كما يترك الأثر في الكلمات والتعابير الأصيلة أيضًا.



## Abstract

This research is entitled “**Language, In the Shade of Religion Worldview**” (Kurdish language as an example). It consists of two parts: The first part shows the connection between languages, religion, the term of worldview and the worldview of some religions which demonstrated through images. The second part investigates the way that the worldview is made and how it linked to linguistics. Through using the Semantics features theory the researcher specifically shows how Islam religion affects Kurdish language. The study comes up with some conclusions; one of them is that religion does not only affect language form but also affects the core of language and its words and local expression.

**سەرچاوەکان:**

**1.** تالیب حوسێن عەلی (2014)، **زانستی زمان و زمانی کوردی**، چاپی یەکەم، چاپخانەی هەولێر. لاپەڕە (10-18)، کە تێدا لە ژێر ناونیشانی کورتەیەك لە مێژووی زانستی زمان باسی بەهای ئایین لای میللەتان (وەك هیندی، یۆنان، ڕۆمان ..هتاد) دەکات، کە بەهۆی پیرۆزی ئایینەکەیانەوە گرنگییان بە لێکۆڵینەوەی زمانی هیندی داوە.

هاوکات زۆربەی لێکۆڵەران بڕوایان وایە کە ئایین هۆکارێکی زۆربەهێزە بۆ ئەوەی فرەجۆری زمانی بێتەئاراوە، بۆ نمونە سریانییەکان تا سەدەی پێنجەمی زاینی زمانێکی ئەدەبی یەگرتوویان هەبوو، بەڵام هەر لە ئەم سەدەیەدا ئاژاوە کەوتە نێوان کڵێسای دیانەکانی ڕۆژهەڵاتەوە، لە بەر ئەمە خەڵکەکە بە دووبەشەوە بوون، لێرەشەوە ئاینزای یەعقوبی و ئاینزای نەستوری پەیدابوون، هەرەکەیشیان تایبتمەندی خۆیان پاراست، بەڵام بەهۆی ئەو ناکۆکێکەوە، ورده ورده زمانی ئەدەبییان لەیەکتری جیابوویەوە، ئێستا خاوەنی دوو زمانی ئەدەبین. لێرەدا بڕوایان وایە ئاین خاوەنی زمانە بەڵام ئایا وایە؟ یان نا؟ بۆ وەڵامی ئەمە تەماشای قوران دەکەین و دەبینین خودا لەسورەتی ئیبراهیم ئایەتی (4) دەفەرموێت: (**وما ارسلنا من رسول الا بلسان قومه**). واتە هیچ نێردراوێکمان نەناردووە، ئەگەر بەزمانی نەتەوەکەی خۆی نەبێت، ئەمەیش ئەوە دەگەیەنن کە ئایین زمانی نییە، بەڵکو بەزمانی میللەتێك بڵاودەکرێتەوە، دواتر لەلایەن خەڵکییەوە ئەو زمانە بەپیرۆز دادەنرێت، ئەگینا لە ڕوانگەی ئاینییەوە زمانێك لە چاو زمانێکی تردا پیرۆزتر نییە، بنەمای ئەم بیروڕایە لە ئایەتەکەی سەرەوە هەڵهێنجراوە و لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەیش هەمان ئەنجام پشتڕاستکراوەتەوە. هاوکات بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێوەندی زمان و ئایین و کاریگەری ئایین بۆ جیابونەوەی زمان و فرەجۆری زمان و کێبڕکی و شانکیی زمان بڕوانە:

ئازاد عەزیز سلێمان (2014)، **ململانێی زمان (زمانی کوردی لەناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێم بەنمونە)**، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین ـ هەولێر لاپەڕە (9-15)

**2.** بەهمەن تایەر نەریمان (2013)، ***کاریگەری قورئان لەسەر زمانی کوردی***، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی، لاپەڕە (18).

**3.** سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (18)

**4.** سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە(27)

**5.** بۆ زانیاری زیاتر لەسەر دونیابینی ئایینی و ڕەنگدانەوەی دونیابینی ئایینی لە ڕۆمانی کوردیدا بڕوانە: ڕەسول حەمە ڕەسول (2013)، **جیهانبینی لەڕۆمانی کوردیدا(کرمانجی خوارو ساڵی 2000-2010)، چاپی یەکەم، چاپخانەی کەمال، ژمارەی سپاردن (2050)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوان، سلێمانی.**

**6.** James W.Underhill (2009: p14) Humboldt, Worldview and Language. Edinburgh: Edinburgh University press

**7.** بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پێوەندی دونیابینی و زمانەوانی بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە (16) و بەشەکانی تری ئەم کتێبە کە بەوردی لەسەر ئەم بابەتەو ئەو زانایانەی لەسەر ئەم بوارە کاریان کردووە بە وردی تێدا باسکراوە.

**8.** http://www.oxforddictionaries.com

**.9** بۆ زانیاری زیاتر لەسەر پەیوەندی زمان بە دونیابینییەوە بڕوانە:

James Underhill (2009) Humboldt, Worldview and Language. Edinburgh: Edinburgh University press

**.10** ئاڤێستا كەمال مەحمود (د.)، **وێنەی هزری، ئاوەزداری و لێكدانەوە سایكۆزمانییەكان(ڕۆمانی جەمشیدخانی مامم) ی وەك نمونەی مۆدێلێكی جیهانبینی كورد)، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی - بەشی** B، **ژمارە** (42) **ئەیلولی** 2013**لاپەڕە** (12-13)

**.11** بۆ زانیاری لەسەر بەكارهێنانی شێوەكانی زمانی عەرەبی لە نێو بەغدادا، بڕوانە بەشی دووەمی لێكۆڵینەوەكەی بێستون ئەبوبەكر عەلی، (2015)، **دەركەوتەی دوودیوی زمانی لە كۆمەڵە ئاخاوتنیەكاندا**، نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی بڵاونەكراوە.

**.12** وینەی (1-5) لەتەك هەندێك زانیاری لەسەر ئایینەكان لە ئەم سەرچاوەیە وەرگیراوە:

Marilyn Adamson, (…) *The major world religions and their beliefs about God(*1-8*)*

ئەگەر بمانەوێت بۆ دونیابینی ئایینەكانی تر نمونە بهێنینەوە، نمونە زۆر هەیە، بەڵام ئەو بابەتە پێویستی لێكۆڵینەوەی بەراوردكاری سەربەخۆ هەیە، لە ئەم لێكۆلینەوەیشدا تەنیا گرنگی خراوەتە سەر ئایینی ئیسلام و كاریگەرییەكانی لەسەر دەربڕاوە رەسەن و خۆماڵییەكان، كە نیشانەی واتای ئایینی زۆرتریان وەرگرتووە. واتە زمانیان دەوڵەمەند كردووە. بۆ زانیاری زیاتر لە ئایینەكان (هیندی، بوزی، جولەكە..زەردەشتی) بڕوانە:

سەبور عبدولكریم (شكار) (د.) (2014)، **چەمكی ژیان و مردن لە شیعری مەولەوی مەولانای ڕۆمی دا،** چاپی یەكەم، بەشی یەكەم، ناوەندی غەزەلنوس – بۆچاپ و بڵاوكردنەوە، سلێمانی.

**.13** بۆ زانیاری لەسەر كاریگەری ئایینی ئیسلام لەسەر زمانی كوردی بڕوانە:

بەهمەن تایەر نەریمان (2013)، ***كاریگەری قورئان لەسەر زمانی كوردی،*** نامەی ماستەر، زانكۆی سلێمانی، كە بەوردی كاریگەری ئایینی ئیسلامی لەڕووی فۆڕمەوە بۆ سەر زمانی كوردی ڕوونكردووەتەوە.

**.14** بۆ زانیاری زیاتر لەسەر ئاییننەكان بڕوانە: كەیوان ئازاد ئەنوەر (2009) **مێژووی ئایینەكان**، چاپی یەكەم، سلێمانی. لاپەڕە (69-79).

**.15** بێستون ئەبوبەكر عەلی، (2015)، **دەركەوتەی دوودیویی زمانی لە كۆمەڵە ئاخاوتنیەكاندا**، نامەی ماستەر، لاپەڕە 14، زانكۆی سلێمانی.

**.16** كاروان عومەر قادر (پ.ی.د.) (2012)، ***فۆڕمی لۆژیكی لە زمانی كوردیدا***، چاپی یەكەم، سلێمانی، لاپەڕە 97

**17.** Elena V. Paducheva (000) Semantic Features and Selection Restrictions [Online]. Available at: http://www.aclweb.org/anthology/E91-1034 (Accessed: 25 March 2016).

18. محەمەدی مەحویی (پ.د.) (2009) (**زانستی هێما (هێما، واتا و واتالێكدانەوە)**، بەرگی یەكەم، زانكۆی سلێمانی، سلێمانی لاپەڕە 154

19. كۆلدجێرمان و دیمۆ لۆیلان (2006)، ***واتاسازی***، وەرگێرانی: یوسف شەریف، چاپی یەكەم، وەزارەتی پەروەردە. لاپەڕە 67

20. شاخەوان جەلال فەرەج (پ.ی.د.) (2013)، **تابۆ وەك نموونەیەكی پەیوەندیی نێوان زمان و كلتور**، چاپی یەكەم، چاپخانەی بینایی، سلێمانی. لاپەڕە (202-218)، لێكۆڵەر زۆر بەوردی باسی تابووی كۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی تیۆری نیشانە واتاییەكانەوە كردووە، چەند جۆرێكیش نیشانەی واتای (وەك واتای فەرهەنگی، دروستەی، كلتوری و كۆمەڵایەتی ) دیاریكردووە.

21. بۆ زانیاری لەسەر یاسا و دەستوری ئایینی ئیسلام بڕوانە: سید سابق، **فقه سنة**، و: حەمە ئەمین ئەحمەد بەرزنجی، بەرگی (1،2،3) ساڵی 2007 سلێمانی چاپكراوە، كە بەرودی باسی مەیخۆر و سزای مەیخۆر بەپێی بیروڕای پێشەوا كانی ئایینی وەك حەنەفی و مالكییەكان (80) قەمچی و بەبڕوای شافعی (40) قەمچییە، بەبڕوای ئیمامی ئەحمەد دوو بۆچوون هەیە، یەكێكیان (80) و ئەوی تریان (40) قەمچییە، بۆ زانیاری زیاتر لەسەر سزایی مەیخۆر بڕوانە: بەرگی دووەمی كتێبی **فقه سنة** لاپەڕە (675-711)، كە تێدا باسی وشەی (خەمر) دەكات ـ كە لەزمانی عەرەبیدا بە داپۆشینی شتێك دەڵێن خەمر، خەمریش لە نێو مێشكی مرۆڤدا ئاوەزی مرۆڤ دادەپۆشیت، لەبەر ئەوە یاساغكراوە و سزای بۆ دانراوە.

22. بێهزاد خۆشحاڵی (2008)، **فیلۆلۆجیای زمانی كوردی و مێژووی كوردستان**، وەرگێڕانی: مستەفا غەفور، چاپخانەی خانی، دهۆك. ئەم سەرچاوەیە، سودی هزریمان لێبینیوە، بەتایبەت بۆ وەرگرتنی نمونە لە سەر ئایینی زەردەشتی و باردۆخی زمانی كوردی لە كۆنەوە بۆ ئەمڕۆ.

چاوپێكەوتنی تایبەت:

1. مامۆستا شێخ عەبدوالله شێخ عەبدولعەزیز نێرگسەجاڕی، وەك ڕاوێژكارێك و شارەزاو پسپۆڕێكی ئایینی، گفتوگۆی زانستیمان لەسەر ئایینەكان و تێڕوانی ئاینی ئیسلام بۆ ئایینەكانی تر ـ لە تەك (لەگەڵ) كردووە، لە لە ڕۆژی 2016/1/20سلێمانی.